## گفتوگۆی دوو ڕۆشنبیر لە مەڕ عیلمانیەتی دیمکراسی (1)... وەرگێڕانی: سلاح ستار

یەکەمیان بە هاوڕێکەی گوت: بە ڕاستی لە چاکەو باشی وڵاتە عیلمانی و دیموکراسیەکان ئەوەیە کە هەڵس و کەوتی ئەوان لە بارەی ئاینەوە لە مەڕ ئێمە باشترە لە هەڵس و کەوتی ئێمە لە گەڵیدا، نمونەش ئەوەیە کە ئەوان ڕێمان ئەدەن مزگەوت بکەینەوە و شوێنی تایبەتی خۆمانمان هەبێت بۆ عیبادەت و بەندایەتی، ماوەمان ئەدەن بە ئازادی بانگەواز بکەین بۆ ئاینەکەمان و ئازاد بین لە بیروڕاماندا، لە کاتێکا لە وڵاتانی ئێمە بەو شێوە نیەو ڕێگەیان پێ نادرێ.

دووەمیان وتی: ئەوەی کە باستکرد لە سەر خۆمان بە ڕەهایی ڕاست نیە؛ لە جیهانی ئیسلامیشدا زۆرێك نەسرانی هەن کە بە ئازادی خۆیان عیبادەت و بەندایەتی خۆیان ئەکەن و ئازادن لە بیروباوەڕیاندا و هیچ کەس دەستدرێژی ناکاتە سەر شوێنەکانیان، ئەی سەردانی میسرو سۆدانت نەکردووەو نازانی کە چەندە ئازادن لە بیروباوەڕی خۆیاندا؟

یەکەم: ئەی باشە لە مەڕ وڵاتی سعودیە چی ئەڵێیت؟

دووەم: سعودیە حاڵەتێکی تایبەتی هەیە؛ ئەو بەشێکە لە دورگەی عەرەبی کە پێغەمبەرێلیاللە علیە وسلم فەرمانی داوە کە هیچ ئاینێکی تری تیا نەبێت جگە لە ئیسلام و موڵکی ئیسلامە، وە پێویستە ئەمە بە شێوەیەکی نامۆ سەیر نەکرێت تەنانەت لەو وڵاتە ڕۆژئاواییانەش هەر وایە کە ئەبینم تۆ بەرگریان لێ ئەکەیت.

یەکەم: مەبەستت چیە؟

دووەم: ئایا ووڵاتێکی وەك فاتیکانت نەبیستووە؟ ئایا هیچ مزگەوتێك یان شوێنێکی عیبادەت و بەندایەتی مسوڵمانانی تیایە؟

یەکەم: نەخێر.

دووەم: خاڵی دووەم کە ئەمەوێت ئاگادارت بکەم، ئەوەیە کە ئەوان ئیحسان و چاکەکاری پاڵنەریان نیە بەرامبەرمان تاکو بەو شێوەیە بن لە گەڵماندا، یان بیانەوێت موجامەلەمان بکەن وەك هەندێ لەوانەی تێ نەگەشتوون وا ئەزانن، ئەگەر وابوایە پێیان ئەوتین: یان ئەوەی کە ئێمە ڕێتان پێ ئەدەین و ماوەتان ئەدەین کە بیکەن لە وڵاتەکانماندا ئێوەش ماوەمان پێ ئەدەن یان ئێمەش ناهێڵین وەك ئێوە ناهێڵن.

یەکەم: من گومانم وا بوو کە بەو شێوەیە بن، بەڵام ئێستە کە وانین زیاتر چونە دڵمەوەو جێی سەرسامی و تێ ڕامانمن.

دووەم: ئەو ئەندازەیەی کە ماوەمان ئەدەن لە ئازادی ئایین و بیروباوەڕ، هەر ئەوەیە کە ڕێگەپێدراوە بۆ هەموو خاوەن ئایین و بیروباوەڕێك نەك هەر بۆ ئێمە بێت بە تەنها و کەسانی دیکەی لێ بێ بەش بن، جا باوەڕی بە بونی خوا ببێت یان بێ باوەڕ، باوەڕدار بێت یان موشریك و هاوەڵبڕیاردەربێت بۆ خوا، بت پەرست بێت یان مرۆڤ پەرست، وە ئەوەی کە ماوەمان پێ ئەدەن لە ئازادی بیرو باوەڕو بیرکردنەوە و ڕادەربڕین، بە ئەندازەی ئەوەو بگرە زیاتریش ئازادییان داوە بە بانگخوازانی داوێن پیسی و ڕەزیلەت و ئەوانەی کە خەرکی زیناو بەرەڵای و لاپەڕو شزوزی جنسین، بە ئەندازەی بڵاو کردنەوەی وێنەو فلیمی بەرەڵاو بێ سنور هەر ئەوەندە یان لەوەش کەمتر ئازادی بۆ مسوڵمانان هەیە، ئەمانەش بۆیە ئەکەن؛ چونکە بە پێێ تێڕوانین و بۆچونیان بەرامبەر بە ئازادی بەرژەوەندی وڵاتەکەیان لەوەدا دەبینن کە بەو شێوەیە بن، بەڵام خاڵی سێیەم ئەوەیە کە زۆرێك لە

یاساکانیان بەکار دێنن بۆ سنوردارکردنی ئازادی ئەو کەسانەی کە لە وڵاتە ئیسلامیەکانەوە سەردانیان ئەکەن یان ئەوانەی کە لە ناویاندا ئەژین.

یەکەم: هاوڕاتم لەوەدا، بەڵام ئایا لە گەڵ ئەوەشدا وا نابینیت کە دەستور یاسای ئەوان باشترە لەوەی ئێمە، لەوەدا کە ئەندازەی ئەو ئازادییەی ئەوان فراوانترو گەورەترە لەوەی کە ئێمە هەمانە؟

دووەم: نەخێر، من وا نابینم کە تۆ ئەیبینیت؛ چونکە ئازادی بە چەندێتی پێوەر ناکرێ، ئەگەر نا باشترین ڕژێم و یاسا ئەوە ئەبوو کە دەرگای ئازادی خستۆتە سەر پشت و هیچ لێپرسینەوە و قەدەغەکراوێکی نیە.

یەکەم: ئەی کەواتە پێوەری ئازادی چیە؟

دووەم: بەوەی کە چەندە سوودو زیان ئەگەیەنێت بە خەڵکی، قەدەغەکردنی دزی بە نمونە سنورێکە لە بەر دەم ئازادی خەڵکیدا، بەڵام سنورێکی بە سوودو قازانجە، بەڵام قەدەغەکردنی گۆشتی ماسی هەر بە نمونە ئەوە شتێکە کە لەوانەیە ببێتە هۆی زیان گەیاندنی ڕاستەوخۆ بە هەندێ لە خەڵکی، لە بەرئەوە ئەبینین کە قەدەغەکراوەکان لە ئیسلامدا پێناسە ئەکرێن بەوەی کە: ئەگەر تێی پەڕاندن و سنورەکانی شکاند ئەوە کەوتۆتە شتێکەوە کە زیانی پێ ئەگەیەنێ، ئەتوانیت بەو شێوەیە بیخەینە پێش چاو وەك ئەو سنورەی کە لە ئەملاولای پردێکەوە دانراوە، بێ گومان ئازادی خەڵکی سنوردار ئەکات، بەڵام ئەم سنوردارکردنە سودی بۆ خەڵکەکە خۆی هەیە، تاکو نە خەڵکی و نە ماشێن و شتی تر لانەدەن و نەکەونە خوارەوەو لە ناو ئەچن.

یەکەم: گومانی تیا نیە، بەڵام کێ ئەو یاساو قانونانە دەر ئەکات کە شتەکان حەڵاڵ و حەرام ئەکات؟ ڕژێم و دەستوری دیمکراسی ئەوە ئەداتە دەستی خەڵك، ئەوان خۆیان چی مایەی زیان و سودی خۆیانە دیاری دەکەن بەو پەڕی ئازادییانەوە، بەڵام ڕژێم و یاسا ئاینییەکان، لەوانەش یاساکانی ئیسلام، ئەو ئازادیە نادات بە خەڵکی، بەڵکو هەموو فەرمانەکان ئەگەڕێنێتەوە بۆ ئایین.

دووەم: مەبەستت ئەوەیە کە هەموو ئەو یاسایانە کە شت حەڵاڵ و حەرام (ڕێی پێ ئەدەن یان قۆرخی ئەکەن) ئەکەن بە کۆڕای گشتی خەڵکی دەرئەچن و ڕای هەموویانی لە سەرە؟

یەکەم: نەخێر؛ تۆ ئەزانی کە بەو شێوەیە نیە، بەڵکو بە ڕای زۆرینە دەرئەچێت و بڕیاری لە سەر ئەدرێت.

دووەم: بەڵام لە وڵاتانی دیمکراسی عیلمانیدا زۆرینەی خەڵکی نین کە یاساو قانونەکان دەرئەکەن و دای ئەڕێژن، بەڵکو ئەوانە کە یاساکان دا ئەڕێژن و ئەیاننوسن کۆڕو مەجالسەکانی یاسادانانن (المجالس التشريعيه) .

یەکەم: بەڵێ! بەڵام ئەم کۆڕانە لەو خەڵکانە پێك هاتوون کە خەڵکەکە بە زۆرینەی دەنگ خۆی هەڵیبژاردوون؛ ئەوان بۆچون لە بیرو ڕای زۆرینەی خەڵکەکە ئەکەن.

دووەم: مەبەستت ئەوەیە تەعبیرو بۆچون لە ڕای ئەوانە ئەکەن کە دەنگیان بۆ داوون.

یەکەم: بەڵام موستەحیلەو بە هیچ شێوەیەك ناکرێ و ناگونجێ کە لە جگە لەو ڕێگەیە لە هیچ ڕێگەیەکی ترەوە ئەنجام بدرێت.

دووەم: بەڵێ! بەڵام ئەزانیت کە تەنانەت ئەوەش کە بڵێین ئەمان لێکدانەوە لە ڕای ئەوانە ئەکەن کە دەنگیان بۆ داوون و هەڵیانبژاردون ڕاست نیە؛ چونکە زۆرینەی ئەو خەڵکە ڕاوێژی پێ ناکرێت لە دانانی یاساکاندا، خۆ ئەگەر ڕاوێژیان پێ بکرێ ئەوا زۆرینەی خەڵکی بەو یاسایانە ڕازی نین کە بۆیان دانراوەو لە سەریان پێویست کراوە؛ چونکە هەڵسەنگاندنی باش و خراپی هەر یاسایەك پێویستی بە شارەزاییەکی تەواو هەیە کە زۆرینەی ئەو خەڵکە ئەو شارەزایی و تێگەیشتنەیان نیە.

یەكەم: بەڵێ! ئەمەیە كە ئەوانی پێ جیا ئەكرێتەوە لە خەڵكانی تر.
دووەم: بە مەرجیشیان كردووە لە سەریان كە یاساكانیان لە چوارچێوەی دەستوردا بێت و كەس بۆی نەبێت بە ئارەزوی خۆی یاسایەكی دیكە بێنێت و لێی لابدات.
یەكەم: بەڵێ! چونكە ئەگەر وا نەبێت ئارامی و هێمنی سیاسی ناپارێزرێت و وڵات توشی فەوزاو هەرایەكی دەستوری دێت.
دووەم: دەی باشە چی جیاوازیەك هەیە لە نێوان ئێمەو ئەواندا؟ ئێمەش هەروەها بۆمان هەیە كە كۆڕی یاسادانانمان هەبێت لەوانەی كە شارەزاو تێگەیشتون و خەڵكیش ئەندامەكانیان هەڵبژرێت و مافی یاسادانانیان پێ بدەن بە مەرجێك پێچەوانە نەبێت لە گەڵ یاسای هەرەبەرزی وڵاتەكە كە ناو ئەبرێت بە دەستور، كە بە نسبەت ئێمە كتابی خواو فەرمودەی پێغەمبەرە ێلیاللە علیە وسلم.
یەكەم: بەڵام دەستوری ئەوان لە دانانی خۆیانەو خۆیان دایانناوە، ئەتوانن هەر كاتێك بیانەوێت بیگۆڕن.
دووەم: بەڵام دەستوری ئەوانیش كۆمەڵە بابەتی لە خۆ گرتووە كە كەس بۆی نیە بیانگۆڕێت و لایاندات وەك ئەوەی كە پەیوەندی بە مافەكانی مرۆڤەوە هەیە.
یەكەم: بەڵێ! چونكە ئەو مافانە بۆ هەموو مرۆڤێكن وەك مرۆڤ، بۆ هیچ كەسێك نیە سنوركێشی تیا بكات و لایاندات.
دووەم: كێ ئەو پلەو پایەو مەكانەتەی پێ داوە؟ بە هەر حاڵ ئێمە نامانەوێ باسەكەمان بكەینە مافی مرۆڤ و لە بابەتەكە دەربچین، بەڵكو لە بابەتێكی دیكەدا قسەی لە سەر بكەین، با ئێستە بگەڕێینەوە بابەتەكەی خۆمان.
یەكەم: بەڵێ.
دووەم: ئەمەوێ ئەوەت پێ بڵێم كە ئەوانە هیچ فەزڵ و ڕێزێكیان زیاتر لە ئێمە نیە بەوەی كە دەستوری خۆیان لە داهێنانی خۆیانەو خۆیان نوسیویانە؛ چونكە ئەوانە ئەگەر بە ڕەزامەندی خودی خۆیانە كە یەكێك لە خۆیان یاسایان بۆ دابنێ، ئەوا ئێمەش هەروەها بیرمان كردۆتەوەو گەشتوینەتە دەرەنجامێكی دروست و لەوەدا خۆمان بینیوەتەوە كە ڕازی بین بە شەرع و دەستورو یاسای پەروەردگارمان كە ئەویش دروستی كردوین و دەستورو یاسای ژیانیشی بۆ داناوین، ئەو خوایەی كە شارەزایە بە ئێمە لەوەی كە چی سوودی هەیە بۆمان و چیش زیانمان پێ دەگەیەنێ، ئەو پەروەردگارەی كە زۆر بە بەزەییە پێمان و فەرمانمان پێ نادات بە شێتك سوودو قازانجی نەبێت بۆمان، بەرگری و قەدەغەشمان لێ ناكات لە شتێك مەگەر زەرەرو زیانی هەبێت بۆمان، كەواتە هیچ جیاوازییەك نیە لە نێوان ئێمەو ئەواندا لە سەر ئەو بنەمایەیەی كە هەردولا سەرپشكن و بە ڕەزامەندی خۆیانەو خۆیان ڕازین لەوەی كە فەرمانی بۆ داناوون، هەروەك چۆن ئەوان بە ئازادی خۆیان یاسادانەرەكانی خۆیان هەڵبژاردووە، ئێمەش بە ئارەزوو و ئازادی خۆمان بە دەستورو یاسای خۆمان ڕازین، پەورەردگارمان زۆری لێ نەكردوین لەوەی كە ڕازی بین و باوەڕمان بە بەرنامەكەی هەبێت، بەڵكو كاری ئیمانی بە جێ هێشتووە بۆ مرۆڤەكان خۆیان:{فمن شا و فلیؤمن و من شا و فلیكفر: هەر كەس ئەیەوێت با باوەڕدار بێت و هەركەسیش ئەیەوێت با بێ باوەڕ بێت } ئێمەش بە یارمەتی و تەوفیقی خوا هیدایەت و ڕۆشنیمان هەڵبژاردووە، كەواتە هیچ فەزڵ و ڕێزێكیان نیە بە سەرمانەوە لە سەر بنەمای ئازادی هەڵبژادندا، بەڵكو فەزڵ و ڕێزی ئێمە بە سەر ئەوانەوە هەیە بەوەی كە ڕێگەی ڕاستمان دۆزیوەتەوەو خوای گەورە حەقی بە حەق پێناساندوین و یارمەتی داوین لە سەری بڕۆین وبەردەوام بین.

یەکەم: بەڵام ئەوەی ئێوە هەڵتانبژاردووە ئایینە، خەڵکیش جیاوازن لە ئاینەکانی خۆیاندا، وە کۆمەڵگا هاوچەرخەکانمان چەندەها ئاێنیان تیایە، پێویستە هەموو هاووڵاتیەك مافی تەواوی خۆی هەبێت بە چاو پۆشین لەوەی کە هەڵگری چ ئاینێکەو باوەڕی بە چی هەیە.
دووەم: دەی چۆن عیلمانیەت ئەم گرفتەی چارەسەر کردووە؟
یەکەم: بە شێوەیەکی ئاسان چارەسەری کردووە، ئەوەش بەوەی کە ئاینەکان لە فەرمانڕەوایی و دەسەڵات جیا بکرێنەوە، تاکو هەموو هاووڵاتیەك بۆی هەبێت و بتوانێت ببێتە خاوەن هەر پلەو پایەیەکی سیاسی کە شایەنی بێت، ئیتر لە سەرۆکایەتی وڵاتەوە بیگرە تاکو بچوکترین شت. ئیتر هەر ئایین و بیرو باوەڕێکی هەبێت ئاساییە.
دووەم: ئێمەش هەر هەمان کار ئەکەین کە ئەوان کردویانە: هەموو ئاینەکان-جگە لە ئیسلام-لا ئەدەین لە فەرمانڕ̆وایی و حوکمکردن هەروەك. . .
یەکەم: بە پێبڕینەوە-: بەڵام ئەوان هەموو ئاینەکانیان لە دەسەڵات جیاکردۆتەوە و هیچ ئاینێکیان وەلا نەخستووە وەکو ئێوە کردوتانە.
دووەم: مەبەستت ئەوەیە کە هەموو ئاینەکانیان وەلا خستووە تەنها ئاینی عیلمانی نەبێت.
یەکەم: بەڵام عیلمانیەت ئایین نیە.
دووەم: بەڵێ! سوێند بە خوا ئاینە، بەو شێوەیەی کە ئێمەی مسوڵمان لە ئایین تێ گەیشتوین.
یەکەم: مەبەستت چیە؟
دووەم: مەبەستم ئەوەیە کە دین بە پێناسەی ئێمە هەموو ئەو شتانەن کە مرۆڤەکان وابەستەی ئەبن و لە سەری ڕادێن و ئەنجامی ئەدەن لە هەر بوارێك لە بوارەکانی ژیانیان ج لایەنی گیانی بێت یان مادی، لای خواوە هاتبێ یان خۆیان دایانتاشیبێت و دروستیان کردبێ، ئایا نەتبیستوە شاعیری عەرەبی لە چەند دێڕێکدا چۆن باسی دین دەکات و دەڵێ:

إذا مـا قمت أرحلها بليلٍ تأوه آهة الرجل الحزين
تقول إذا شددت لها وضيني: أهـذا دينه أبداً وديني؟
أكل الدهر حـلّ وارتحالٌ أما يبقي علي وما يقيني؟

یەکەم: بەڵام ئەو شاعیرە لێرەدا دین بە نەریت وخوو ئەناسێنێت و ئەیداتە قەڵەم؛ ئەمە چ پەیوەندیەکی بە ڕژێم و یاساو دەستوری ئەمڕۆوە هەیە؟
دووەم: گرفت و جیدالمان نیە لەوەی کە بە مانای خوو نەریت بەکاری هێناوە؛ بەڵام ئایا نابینی بەردەوامی و خو پێوەگرتنی هاتن و چوون و سەفەرکردن کە تاکە شتێکە، لە ژیان لە گەڵ ئەم کابرایەو حوشترەکەیدا (کە لە هۆنراوەکەدا هاتووە) ببێتە ئاین بۆی، لەوە باشتر ئەوەیە کە بۆ یەکێکە کە ڕاهاتووە لە سەر کارێك کە زۆر لەوە گرنگترو فراوانترە، ناو بنرێت بە ئایین، دوای ئەوە قورئانی پیرۆز مانای ئاینی بە کار هێناوە بەو مانایەی کە عەرەب لێی شارەزان، ئایا نابینی خوای گەورە دەربارەی یوسف و براکەی ئەفەرموێت: ((ما كان ليأخذ أخاه في دين الملك إلا أن يشاء الله)) [سورة يوسف: 76] مەبەست لە ئاین ئەوەیە کە ئێمە لەم ڕۆژگارەماندا ناوی ئەنێێن بە یاسا، هەروەها لە قورئانی پیرۆزدا ئایین بە کار ئەبرێت بۆ ئەو هیدایەت و ڕێگە ڕۆشنەی کە خوای گەورە ناردویەتیە خوارەوەو پێغەمبەرانی لە پێناوی ڕونکردنەوەیدا ناردووە، هەروەك بە کاریش ئەبرێت بۆ ئەو شتانەی کە مرۆڤ لە ژیانی خۆیدا خۆی پێ ئەگرێتەوە جا هاوپێچی ئاینی ڕاست بێت

یان پێچەوانەی بێ، پێغەمبەر صلىالله عليه وسلم بە ڕاشکاوی ڕونی کردۆتەوە لەو فەرمودەیەدا کە ئەفەرموێت: خوا لە سەری هەموو سەد ساڵێکدا یەکێك ئەنێرێت ئاینەکەی تازە بکاتەوە؛ ئەو ئاینەی کە تازە ئەکرێتەوە ئەو ئاینەیە کە خەڵکی خۆی پێوە گرێ داوەو باوەڕیان پێیەتی، بەڵام ئەو ئاینەی کە خوا ناردویەتیە خوارەوە لە ئاسمانەوە پێویست بە تازەکردنەوە ناکات؛ چونکە گۆڕانکاری بە سەردا نایێت، جا مەبەست تازە کردنەوەی ئەو ئاینەیە کە لای خەڵکەو باوەڕیان پێیەتی بۆ ئەوەیە تاکو لە گەڵ ئاینی حەقدا هاوشێوە بێت.

یەکەم: ئەمە تەفسیرو لێکدانەوەیەکی نامۆیە بۆ ئایین، وە پێچەوانەشە لە گەڵ زاراوەو تێگەشتنی خەڵکی بو ئایین، بە تایبەت لە ڕۆژئاوادا کە بابەتی گفتۆگۆکەی ئێمەیە.

دووەم: بەڵام ئایا لە وێژدانە کە موناقەشەو گفتوگۆ تەنها لە سەر ئەو زاراوانە بێت کە ئەوان دایان ناوەو پێیان ڕاستە؟ بۆچی تێیان نەگەیەنێن و پێیان نەڵێین کە جیاوازی هەیە لە نێوان تێگەیشتنی ئێمە و ئەوان تەنانەت لە تێڕوانینمان بۆ ئاینیش؟ بە هەر حاڵ من نامەوێ گفتۆگۆکەمان بگۆڕێت بو موجادەلە لە سەر وتەو بێژراوەکان، گرنگ ئەوەیە کە مانای شتەکان ڕۆشن بێتەوە؛ جا ئەگەر ڕون بۆوە ئەوە بە کار هێنانی زارەوەکان گرفتێکی تیا نیە. ئایا ناکرێ وشەی ئایین واز لێ بێنین و وشەیەکی تر لە شوێنی دانێین کە بە سەر عیلمانیەتا ئەسەپێ (تنگبق) و ئەوەی ئەوان پێی ئەڵێن ئایین؟ ڕات چیە بە دەستەواژەی پرۆگرامی ژیان (منهاج الحیاه) ؟

یەکەم: هیچی تیا نیەو باشە.

دووەم: هیوادارم کە لە بەر کارهێنانیدا ئەوە قسەیەمان بۆ ڕوون بێتەوە کە ئەوتریت (ڕژێم و دەستوری عیلمانی ڕژێمیێکی بێ لایەنە لە نێوان ئاینەکاندا) ، قسەیەکی بێ بنەماو ئەفسانەیە کە لای خەڵکێکی زۆر برەوی پێ دراوە.

یەکەم: وا گومانم هەیە کە منیش ئەو ئەفسانەیە بە ڕاست ئەزانم و باوەڕم وایە؛ بەڕێزم ئایا ئەتوانی بۆ ئەوانەی کە ئینکاری ئەو ئەفسانەیە ئەکەن بەڵگە بێنێت و بۆمان ڕوون بکەیتەوە؟

دووەم: وا دانێ ئەگەر بە کەسێکی بە ویژدانمان گوت: لێرەدا دو ڕژێم و دەستورو یاسا هەیە (ا) و (ب) نەخشەیەکمان خستە بەر دەست بەم شێوەیەی خوارەوە.

| **ياساي يةكةم (ا)** | **ياساي دووةم(ب)** |
|---|---|
| **حوكم و فةرمان تة ا بؤ خواية.** | **حوكم و فةرمان تة ا بؤ طةلة.** |
| **دروستة بؤ ثياو كة دوو يان سىَ يان ضوار خىَزاني هةبىَت.** | **ثياو رىَي ثىَ نادرىَت كة لة يةك خىَزان زياتري هةبىَت.** |
| **.** | **.** |
| **وةرةسة مافي خؤيان وةردةطرن، خاوةن ميرات وةسىَتي كردبىَت يان نا.** | **تة ا ئةو كةسة ميرات ئةبات كة خاوةن مالَ وةسىَتي بؤ ئةكات ئةطةر ئاذةلَيش بىَت، وة ئةطةر وةسيةتي نةكرد ئةوة سامانةكةي مولكي دةو** |

| | |
|---|---|
| | لَةتة. |
| مةي حةرام و قةدةغةية. | مةي حةلاَلَةو رِص ثص دراوة. |
| ثةيوةندي جنسي نابصت ببصت تة ا لة نصوان ذن و مصرداو بة شصوةيةكي شةرعي | ثةيوةندي جيسي لة نصوان هةموو دووكةسصكدا رِصي ثص دراوة بة مةرجصك رِةزامةندي هةردو لاي لة لة سةر بصت. |
| نةبصت سوود(رِيبا) حةرامة. | سوود حةلاَلَة. |

---

یەکەم: باوەڕ ناکەم بتوانێت ئەگەر کارەکە بەم شێوەیە بێت.

دووەم: بەڵام هیچ ڕێگەیەکی تر نیە، کەواتە پێویستە لە سەر ئەو کەسەی کە ئەیەوێ مسوڵمان بێت و ئەڵێت من مسوڵمانم ئەگەر خۆی نەخەڵەتێنێ، نابێت مرۆڤ خۆی بە باوەڕدار بزانێت و لەو لاشەو ڕازی بێت بەوەی کە عیلمانیەت دەستوری ژیانی بێت، یان ئەم یان ئەو.

یەکەم: بەڵێ؛ پەیرەوو دەستوری عیلمانی جگە لە خۆی لائەدات لە فەرمانڕەوایی و ناهێڵێت حوکم بکات؛ چونکە ناگونجێت کە دوو پەیرەوی جیاواز لە یەك کاتا جێ بە جێ بکرێن هەروەك لە خشتەکەدا ڕون بۆوە، بەڵام تایبەتمەندی عەلمانی بە بە سەر مەنهەجەکانی دیکە-لەوانەش پەیرەوو مەنهەجی ئیسلامی- ئەوەیە جیاوازی ئەکات لە نێوان لادانی تاکەکان و لادانی پرۆگرامو مەنهەجدا.

دووەم: مەبەستت چیە.

یەکەم: مەبەستم ئەوەیەك کە هەڵس و کەوت لە گەڵ هەموو تاکەکەندا ئەکات بەو شێوەیە کە هەموویان هاووڵاتین و هەریەکەیان مافی خۆیەتی کە ببێتە خاوەنی هەر پلەو پایەیەکی سیاسی لە وڵاتدا ئەگەر خەڵکەکە لێی ڕازی بوون.

دووەم: بە مەرجێك ئەبێت فەرمانەکانی بە پێی دەستووری عیلمانی بێت، کە زانراوە عیلمانیەتیش هەر مەنهەج و پەیرەوێکی تری جگە لە خۆی لائەدات لە حوکمڕانیدا بە تایبەت ئەگەر ئیسلامی بێت و ئەو کەسە مسوڵمانێکی هەڵگیری بیری ئیسلامی بێت.

یەکەم: بەڵێ؛ وا ئەزانم کە ڕێکەوتین لە سەر ئەو بنەما بەڵگە نەویستەی کە مەحاڵە دوو مەنهەج و پەیرەوی پێچەوانە بە یەك کۆ ببنەوە لە فەرمانێکدا.

دووەم: بەڵام ئەمەی تۆ ئەوە ئەگەیەنێ کە ئازادی ئەدەیت بە مسوڵمانێکی ئەمریکی بە نمونە کە ببێتە سەرۆك بەڵام بە مەرجێك واز لە ئاینەکەی بێنێ.

یەکەم: نەخێرا ئەتوانێت مسوڵمان بێت و نوێژو ڕۆژوو حەج و سەرجەم کارەکانی تری ئەنجام بدات.

دووەم: تەنها ئەو لایەنە نەبێت کە پەیوەندی بە حوکم و فەرمانڕەواییەوە هەیە.

یەکەم: بەڵێ.

دووەم: بەڵام مسوڵمانی شارەزا لە ئاینەكەی و دڵسۆز بۆی بەمە ڕازی نیە؛ چونكە ئەزانێ كە ئاینەكەی یەكەیەكی تەواوەو بەش بەش ناكرێت؛ ئەوەی باوەڕی بە هەندێكی نەبێت ئەوە باوەڕی بە هەمووی نیە، خوای گەورە ئەفەرموێت: ((أفتؤمنون ببعض الكتاب وتكفرون ببعض فما جزاء من يفعل ذلك منكم إلا خزي في الحياة الدنيا ويوم القيامة يردون إلى أشد العذاب)) [سورة البقرة: 85]. {ئەوە باوەڕتان بە بەشێكی كتاب هەیەو بێ باوەڕن بەشێكی تری؟ ئایا پاداشتی ئەوەتان كە ئەو كارە دەكات جگە لە سەرشۆڕی و سووكی نەبێت لە ژیانی دنیادا هیچی تر هەیە؟ لە ڕۆژی قیامەتیشدا دەگەڕێنرێنەوە بۆ ناو سەختترین سزا}، ئەمەش ئەوەیە كە ڕژێم و دەستوری عیلمانی بە مەرجی گرتووە لە سەر مسوڵمان كە وازی لێ بێنێ ئەوجا بۆی هەیە بەشداری هەر چالاكیەك بكات و پێش ئەوەی بیر لە هەر لایەنێكی حوكم و فەرمانڕەوایی بكاتەوە پێویستە لەم مەسەلەیەدا خۆی ساغ كردبێتەوەو بیروباوەڕەكەی تورِ دابێت.

یەكەم: بەڵام ڕژێم و دەستوری ئسلامی ئەو مافەشی ناداتێ.

دووەم: یاسای ئیسلام ڕێ لە نامسوڵمانێك ناگرێت كە ببێتە مسوڵمان، لەوێشەوە موئەهەلەلاتی ئەوەی هەبێت كە ببێتە فەرمانڕەوای مسوڵمانان، بەڵام وەك باسمان كرد مرۆڤ نابێتە مسوڵمان تاكو باوەڕی بە هەموو ئاینكە نەبێت؛ چونكە یاسای حوكم لە ئیسلامدا جیا نیە لە بەشەكانی تر؛ بەڵكو ئاینەكانی دیكەش ئێستە هەروا دەڕواننە ئاینەكەیان كە یەكەیەكەو لە یەكتر جیاناكرێتەوە؛ لەوەی كە هەندێ لە جولەكەو نەسرانیەكان دەستوری عیلمانیان پێ ڕەفزەو وا ئەبینن-وەك ئێمە دەیبینین- كە عیلمانیەت ئاینێكەو دژە بە ئاین و بیروباوەڕەكەیان.

یەكەم: بەڵێ! ئەوان كاتێك دەستوری عیلمانیان بە سەردا دەسەپێنن بەو ئیعتیبارەی كە ڕای زۆرینەی خەڵكی لە سەرە، بەڵام دوای ئەوە ڕێی هەموو شتێكیان پێ ئەدەن لەو كارانەی كە پەیوەندی بە دەسەڵات و فەرمانڕەوابیەوە نیە لە ئاینەكەیاندا كە بە جێی بێنن و ئازادی خۆیان وەردەگرن.

دووەم: وە ئێمەش هەروەها ئەوەی كە باست كرد ڕێیان پێ ئەدەین، بەڵكو ئێمە زیاتریشیان ئەدەیْنێ لەوەی كە عیلمانیەتی دیمكراسی ئەیاندانێ.

یەكەم: بەڵام ئەوان وا ئەبینن كە ئەو ڕژێم و یاسایەی فەرمانیان پێ ئەكەن بە سەریاندا ئاینەكەتانە، ئەوانیش ڕازی نین بەوەی كە ئاینێكی تری جگە لە ئاینەكەی خۆیانیان بە سەردا بسەپێت.

دووەم: ئێمە نایسەپێنین بە سەریاندا بەوەی كە ئاینێكەو هەردەبێ باوەڕیان پێی هەبێت و پێی لە خوا نزیك ببنەوە، بەڵام بەو ئیعتیبارەی كە دەستورو یاسایەكە بۆ حوكم و فەرمانڕەوایی و زۆرینەی هاووڵاتیان پێی ڕازین و ڕایان لە سەری داوە، لێرەشدا هیچ جیاوازییەك نیە لە نێوان ئێمەو یاسای عیلمانی دیمكراسی. ئەگەر ئەوان كە زۆرینەن لە وڵاتانی ڕۆژئاوای عیلمانی، ڕازین بەوەی كە ئاینەكان دورخەنەوە لە حوكم و فەرمانڕەوایی، وە ڕازین بەوەی كە عیلمانیەت بەدیل بێ بۆیان، دەی چی ڕێیان لێ ئەگرێ-كە ئەوانە كەمایەتین لە وڵاتانی ئیسلامیدا- بەوەی كە ڕازی بن كە ئاینەكەیان دوربخەنەوە لە حوكم و ڕازی بن بە حوكمی ئیسلامی بەو ئیعتبارەی كە ئاینی و زۆرینەی خەڵكەو زۆربەی هەرەزۆری خەڵكی وڵاتەكە پێی ڕازین.

یەكەم: لە قسەكانتا وا دەردەكەوێ كە نزیكە هیچ چاكەو باشەیەك بە دی نەكەیت لە دەستوری عیلمانی ڕۆژئاوادا.

دووەم: من وام نەوتووە، بەڵکو وەڵامی تۆم داپەوە کە گومانت وا بوو یاساو دەستوری ئەوان باشترەو فەزڵیان هەیە بە سەر دەستورو یاسای ئیسلامدا.
یەکەم: وا تێ ئەگەم لەم قسەیەت کە تۆ لایەنی باش ئەبینیت لە ژیانی ڕۆژئاوادا؟
دووەم: گومان لەوەدا نیە، بەڵکو من وا ئەبینم هیچ گەلێك نیە کە لایەنێك لە لایەنەکانی باشەی تیا نەبێت، ئەمەش وەك دین ئەیڵێم و باوەڕم پێیەتی؛ چونکە من باوەڕم وایە کە نابێ مرۆڤێك هیچ خێرو چاکەیەکی تیا نەبێت و ببینێت کە ئاین خێری تیایەو شوێنی بکەوێت، وە لە بەر ئەوەی ئەم ئاینە بۆ هەموو مرۆڤەکان بە گشتی هاتووە، ئەوە هەر ئەبێ خوای گەورە ئەوەندەی خێرو چاکە تیا دروست کردبن، کە ئەگەر بیانەوێت و مەبەستیان بێت بتوانن وەری بگرن و شوێنی بکەون.
یەکەم: ئایا ئەکرێ هەندێ لەو لایەنە باشانەم بۆ باس بکەیت؟
دووەم: قسە لە سەر ئەم بابەتە دورو درێژەو زۆری دەوێ، تەنها واز دێنم بە باسکردنی باشترین لایەنی باشەیان، چاکترین شتێك کە هەیانە ئەم پێشکەوتنە گەورەیەیە لە بواری تەکنیك و زانست زانیاریە سروشتیەکان و هەرچی ئەو شتانەی لە سەری پێکهاتوون لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، لەوانەش لایەنی سەربازی، من ئاواتەخواز بووم کە چەختمان لە سەر ئەم بوارە بکردایەو سودمان لێ وەربگرتنایە لەو شتانەی لە ڕۆژئاوای وەردەگرین، بەڵام عیلمانیەکانی وڵاتی ئێمە سەرقاڵیان کردوین بەو لایەنەی کە من و تۆ ئێستە قسەمان لە سەر کرد؛ چونکە لە بەر گەوجی و هیچی خۆیان گومانیان وایە کە هۆی پێشکەوتنی ڕۆژئاوا جیاکردنەوەی ئاین بووە لە دەوڵەت، کە بە ڕاستی ئەم چەخت کردنە سەر بواری ڕۆشنبیری لە تەجرەبەی ڕۆژئاواو ڕاگواستنی بۆ لای خۆمان هۆکاری سەرەکی دواکەوتن و پێش نەکەوتنمان بووە؛ چونکە بۆتە هۆی کێشەی سەرەکی لە نێوانمان؛ تۆش ئەزانیت کە هیچ گەلێك ناتوانێت پێشکەوتنێکی ئاینی یان دنیایی بە دەست بێنێت لە کاتێکا بەش بەشە بە سەر خۆیدا و نەوەکانی خەریکی ناکۆکی نێوان خۆیانن و شتێك نەبێت کۆیان بکاتەوە، دواکارم لە خوای گەورە کە لە سەر خێرو چاکە کۆمان بکاتەوە، وە یارمەتیمان بدات تا بتوانین دەست بگرین بە هۆکارەکانی پێشکەوتن و سەرکەوتن و هێزو تواناو بەرزی بڵندیمان لە هەموو بوارەکانی ژیانی ماددی و ڕۆحیماندا.
یەکەم: ئامین.

---

(1) ئەم بابەتە لە نوسینی (د. جعفر شیخ ئیدریس) ە پسپۆڕ لە بواری بیری ئیسلامی، بۆ زیاتر شارەزایی دەتوانن سەیری ئەم پێگەیە بکەن.
(2) وەرگێڕان: سلاح ستار

http://www.jaafaridris.com/Arabic/abiog.htm